پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە شەرمتر بوو لە کچێکی تازە پێگەیشتوو کە لە نێو ژوورەکەی خۆیدا بێت، وئەگەر حەزی لە شتێک نەبوایە ئەوا لە دەموچاویەوە دەمانزانی

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە شەرمتر بوو لە کچێکی تازە پێگەیشتوو کە لە نێو ژوورەکەی خۆیدا بێت، وئەگەر حەزی لە شتێک نەبوایە ئەوا لە دەموچاویەوە دەمانزانی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەبو سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە شەرمتر بوو زیاتر لە کچێکی تازە پێگەیشتوو کە هاوسەرگیری نەکردووە وهەڵسوکەوتی لەگەڵ مێرددا نەکردووە ولە ماڵەکەی خۆیدایە، و بەهۆی زۆر بەشەرمی کاتێك حەزی بە شتێك نەبووایە ڕووی دەگۆڕا وقسەی نەدەکرد، بەڵکو هاوەڵانیشی تێدەگەیشتن کە حەز بەو شتە ناکات تەنها بە سەیرکردنی ڕووی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3153